زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر
Salahaddin University – Erbil

# شاری کۆیە لەنێوان ساڵانی

## (١٩٢١-١٩٧٥)

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە لە بواری سیاسی

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکراوە بە سەرۆکایەتی بەشی (مێژوو) وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (مێژوو)

ئامادەکراوە لەلایەن قوتابی:

**پەیام فوئاد حسن**

بەسەرپەرشتی:

**د.هۆشەنگ ساڵح نەجار**

**ئایار - ٢٠٢٣**

## پێشکەش

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە :

- ✓ بە مامۆستایانی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سلاحەدین هەولێر و سەرجەم مامۆستایانی بەشی مێژوو.
- ✓ پێشکەشە بە خێزانەکەم و هاوڕێیانم و هاوپۆلەکانم.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ خودای گەورە کە توانای پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکەم.
- سوپاسی (د. هۆشەنگ ساڵح نەجارِ) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم ،کە ئەرک و ماندوو بوونێکی زۆری لەگەڵ کێشام و زۆر هاوکارم بوو.
- سوپاس بۆ خانەوادەکەم و هەموو ئەو کەسانەی کە یارمەتیان دام ئەگەر بە وشەیەکیش بێ.

## هێما کورت کراوەکان

### أ- هێما کورتکراوەکان بە زمانی کوردی

| | |
|---|---|
| ل | لاپەڕە |
| ل ل | لاپەڕەکان |
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |

**ناوەڕۆک**

**بابەت**

**لاپەڕە**

**پێشەکی ........................................................................................ (٧)**

***تەوەری یەکەم***

**جوگرافیا و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و پوختەیەکی مێژوویی کۆیە.......(١٠)**

***تەوەری دووەم***

**بارودۆخی سیاسی کۆیه ١٩٢١-١٩٥٨...............................................(١٦)**

***تەوەری سێیەم***

**بارودۆخی سیاسی کۆیه ١٩٥٨-١٩٧٥...............................................(٢٥)**

**ئەنجام ...........................................................................................(٣٣)**

**لیستی سەرچاوەکان و ژێدەرەکان...................................................(٣٤)**

## پێشەکی:

ڕووداوە سیاسیەکانی باشووری کوردستان لە سەدەی بیستەمدا کاریگەرییان کردووەتە سەر تەواوی تاکەکانی گەلی کورد لە هەموو شوێن و ناوچەکانی کوردستاندا، ئەو ڕووداوانە فروان و گشتگر بوون کە تەنها لە ناوچەیەک قەتیس نەمابوونەوە، بەڵکو تاکی کورد لە گشت ناوچە جیاجیایەکان بەشدار بوون لەو پەرەسەندنانە.

شاری کۆیە یەکێک بووە لەو شارە کوردییانەی کە جێگەی لەسەر شانۆی سیاسیی کوردستان دیاربووە چ لە ڕێگای بەشداری ڕاستەوخۆ لە ڕووداوەکان بوبێت، یاخود بەشداریکردن بەشێوازی ڕۆشنبیریی و سیاسی، لە زۆر ڕووداو و گۆڕانکارییەکاندا، لە دەستەی پێشەوەدابووە. خەڵکی نیشتیمانپەروەری کۆیە جێپەنجەیان لە سەر مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە باشووری کوردستاندا دیار و بەرچاو بووە، یەکێک لەو شۆڕشانە (شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨) بوو، کە کاریگەری گەورەی لەو وەرچەرخانە سیاسییە گەورانە هەبوو، کاریگەری کردە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، وە ئەو ڕووداوانەی کە لە دوای شۆڕشەکە هاتنە ئاراوە، شاری کۆیەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کردە خستە ناو کێشەکەوە، بۆیە ئێمە لێرەدا ڕۆڵی ئەم شارە نیشان دەدەین لەپەرەسەندنە سیاسییەکانی کوردستاندا .

هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆیە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە مێژووی سیاسی گەلی کورد ، سەرباری ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی شاری کۆیە هەیبووە کەچی کەمتەرخەمی کراوە لەوەی لەتوێژینەوەکانی پێشووتردا جەخت لەم گرنگی و کاریگەرییە کرابێتەوە . هیوادارم منیش دەرحەق بەشاری کۆیە کەمتەرخەمیم نەکردبێت .

گرنگی ئەم بابەتە :

شاری کۆیە یەکێکە لە شارە ناسراوەکانی کوردستان، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە بزووتنەوەی سیاسی و ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی سەردەمی خۆیدا گێڕاوە، چ لەبواری چاپەمەنی، یان لە بواری نووسیندا. هەروەها خاوەن چاپخانەی دەیان ڕۆلەی نیشتیمانپەروەر و ڕۆشنبیری لێهاتوو بوو، کە ماوەیەکی زۆر شارە لە خزمەتی بزاڤی

ڕۆشنبیری و سیاسی کوردستاندا بووه. به جۆرێک ئەگەر بەشداری شاری کۆیه لەو بزاڤەدا نەبووایه، ئەوا له ئێستادا دەستکەوتەکانی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردستان بەو ئاراستەیەی ئێستا نەدەبوون، بەتایبەتی لەو کاتەی کوردستان له رووی ڕۆشنبیریی و چاپەمەنییەوه له دۆخێکی خراپ دا بوو بۆیه سیاسی و ڕۆشنبیرانی کۆیه له پێشەنگی ئەو کەسایەتییانه بوون که توانیان به ڕەنج و ماندووبوونی خۆیان جێپەنجەیەک له کوردستاندا بکەنەوه .

هۆکاری هەلبژاردنی ئەو ناونیشانه :-

دەگەڕێتەوه بۆ ئەوەی که من زۆرجار ناوی کۆیەم بەرگوێ دەکەوت، پرسیارم دەکرد ڕۆلی ئەم شاره چی بووه؟، دواتر بۆ دەرکەوت که کۆیه شارێکی ناسراوی کوردستان بووه، رۆڵێکی دیاری هەبووه له بواری ڕۆشنبیریی و سیاسی کوردستانی باشوور بەتایبەتی و کوردستانی گەوره به گشتی، بۆیه دوای ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستای سەرپەرشتیارم، بریارم دا توێژینەوەکەم له سەر ئەم ناونیشانه بێت.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوە، له پێشەکی و سێ تەوەر پێکهاتووە، هەر تەوەرێک دابەشی چەند باسێک کراوه، لەگەڵ ئەنجام و پاشکۆ و لیستی سەرچاوەکان، تەوەری یەکەم بەناوی جوگرافیا و بارودۆخی ئابوری و کۆمەلایەتی و پوختەی مێژووی کۆیەیه، باسی هەریەک لەم لایەنانەی شاری کۆیه کراوه، له نێوان سالانی (١٩٢١-١٩٧٥) کراوه. باسی دووەمیش بارودۆخی سیاسی کۆیەیه له نێوان سالانی (١٩٢١-١٩٥٨)دا، واته تاکوو شۆڕشی چواردەی تەمموز. تەوەری دووەم باس له کۆیه دەکات له بزاڤی سیاسی و نەتەوایەتییدا، ئەویش له چەند باسێک پێک دێت پێک، وەک بەشداری خەڵکی کۆیه له ڕووداوەکانی ئەو ماوەیه، وەک دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و کۆماری کوردستان و ڕووداوه سیاسییەکانی عێراق. تەوەری سێیەمیش به ناونیشانی (بارودۆخی سیاسی کۆیەیه له نێوان سالانی ١٩٥٨-١٩٧٥) ئەوەش له چەند باسێک پێک دێت لەوانه رۆڵی کۆیه ڕووداوەکانی (شۆڕشی چواردەی تەمموز، شۆڕشێ ئەیلوول) هەروەها رۆڵی خەڵکی کۆیه، لەم ڕووداوانەدا.

شیکردنەوەی سەرچاوەکان:-

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، سوودم لە زۆر سەرچاوە وەرگرتووە، ئەوەی لە هەموویان زیاتر سودم لێ بینی بێت، کتێبی (مێژووی کۆیە) بووە، کە خاوەنەکەی تاهیر حەوێزی بووە و زۆر ڕووداوی گرنگی کۆیەی لەو قۆناغەدا نووسیوە، بەمەش ڕۆلی کۆیەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت. لەگەڵ ئەمەدا لە کتێبەکەی مێژووی سیاسی کۆیەی جەمال فەتحوڵڵا وەرگیراوە، کە تایبەت بوون بە ژیانی سیاسی و کاروکۆششی خەڵکی کۆیە و گەلێک لایەنی شاراوەیان لەم بارەیەوە خستۆتە ڕوو. سوود لە کتێبی (مێژووی سیاسی کۆیە ١٩٥٨-١٩٧٥) لە نووسینی شیلان تاهیر و کتێبی (بیرەوەرییەکانی ژیانم)ی (کەریم شارەزا) وەرگیراوە، کە زۆر زانیاری گرنگیان دەربارەی ژیان و خەباتی شاری کۆیە خستۆتە ڕوو.

لە کوتاییدا ، ئەم توێژینەوە وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە لە هەڵە و کەموکوڕی بە دەر نیە، ئەگەرچی هەوڵی زۆرمان داوە، تا دەکرێت لەم هەلانە بە دووربین، لەو کەموکوڕییانەش ئەوەبوو، کە بەهۆی سەرقاڵی لە رادەبەدەرمان نەمانتوانی توێژینەوەی مەیدانی و چاوپێکەوتن ئەنجام بدەین. سەرەڕای ئەوەش هیوادارم خزمەتێکی زانستیمان لەم بابەتەوە پێشکەشک کردبێت.

## تەوەری یەکەم:

# جوگرافیا و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و پوختەیەکی مێژوویی کۆیە

کۆیە، یان کۆیسنجەق، یەکێکە لە شارە دێرین و کۆنەکانی کوردستان، کە بەچەندین شارستانییەت و شوێنەواری کۆن بەناوبانگە، یەکێکە لەوشارە کوردستانییانەی کە ڕۆڵی خۆی بینیوە لەچەندین بوواردا، وەکو بووارەکانی سیاسی، ئابووری، ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی.

### ١. سەرنجێکی جوگرافیی دەربارەی کۆیە:

سەبارەت بە هەڵکەوتەی گشتیی کۆیە، کەوتووەتە نێوان هەرسێ پارێزگاری (هەولێر، کەرکوک، سلێمانی). لەڕووی کارگێڕییەوە، بە لیوا یان پارێزگای هەولێر بەستراوەتەوە و دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکە. شارەکە لەسەر چەند گردێکەوە دروستکراوە و (٧٥) کم لە ناوەندی شاری هەولێرەوە دوورە. لە باکوورییەوە لە قەزای شەقڵاوەیە و پارێزگای کەرکووک لە باشوورییەوەیە، لە ڕۆژهەڵاتییدا پارێزگای سلێمانییە[١]. سەبارەت بە سنوورە سروشتییەکەشی، لە باکوورییەوە ناوچەی خۆشناوەتییە، زێی بچووک و زێی کۆیە لە باشوورییەتی. دەشتی بیتوێن و دۆڵی خەلەکان لەڕۆژهەڵاتییدایە، بەرزاییەکانی دێدەوان، کەوتوونەتە ڕۆژئاوایەوە[٢].

خاکی کۆیە، زیاتر لە ڕمڵ و بەرد پێکدێت. چیاکانی ڕووتەنە و داری کەمە. لەڕووی بەرزی و نزمییەوە، ژمارەیەک شاخ و گردۆڵکە لەناوچەکەدا هەیە، کە ئەمەش وای کردووە بەرزی ڕووی شارەکە (٦٢٥) مەتر بێت لە ئاستی ڕووی دەریاوە. قشڵەی کۆیە، کە کەوتووەتە ناوەڕاستی شارەکە، بەرزییەکەی (٦٤٧) مەترە. چیای (باواجی)، (١٢٦٠) مەتر

---

(١) کامەران تاهیر سەعید ، قەزای کۆیە/ لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٥٣، ٢٥٤ .

(٢) هاوژین صلیوە، مێژووی هەرمۆتە، چاپخانەی زانا، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٢ .

و چیای (هەیبەت سوڵتان)یش (١٠٩٢) مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە. ئەو ناوچەیە دەکەوێتە ئەو هەرێمەی کە ساڵانە (٧٠٠) ملم بارانی لێدەبارێت[٣].

لە ئەنجامی ئەو هەڵکەوتە و پێگە جوگرافیاییەی کە کۆیە هەیەتی، وایکردووە کە ڕووبەری ناوچەکە فراوان بێت و هەردوو ناوچەی شاخاوی و ناوچەی زورگاوی لە خۆبگرێت. ئەوەش بووەتە هۆی دەرکەوتنی بەرزی و نزمی جۆربەجۆر بەجۆرێک لەبەشەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات مۆرکی شاخاوی هەیە، لەبەشەکانی تریشدا مۆرکی زورگاوی هەیە، ئەوەش کاریگەری کردووەتە سەر ئاووهەوای شارەکە[٤].

**٢. دەربارەی ناوی کۆیە:**

لەناو کورددا، بە (کۆیە) ناودەبرێت، وە بەزمانی تورکی و عەرەبی بە (کویسنجق) کە بە (کۆیسنجەق) دەخوێندرێتەوە، ناودەبرێت. ئەگەر سەرنجێک بدەینە سەر وشەی (سنجەق)، ووشەیەکی تورکییە، لەڕووی زمانەوانییەوە بەواتای ئاڵا یان بەیداخ دێت، لەبەرئەوەی ئەو سەردەمە (سنجەق بەگ) یان (میر ئاڵا) ،کە پلەیەکی کارگێڕی و سەبازی عوسمانی بوو، حوکمڕانی شارەکەی دەکرد[٥].

سەبارەت بە بنەچەی ناوی (کۆیە) یان (کۆ)، ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە. نووسەری ناسراوی کورد کەریم شارەزا[٦]، دەڵێت: "ئەو ناوە، لە بنەڕەتدا، لە وشەی (کۆ)وە هاتووە، کە بە واتای کۆبوونەوەی خەڵک دێت". لە شوێنێکی دیکەدا بۆچوونێکی دیکە دەخاتە ڕوو،

---

(٣) هیوا صادق سەلیم، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای کۆیە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧_ ٢٠٠٢ ماستەرنامە، زانکۆی کۆیە، ساڵی ٢٠٠٥ ، ل١٧.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل١٧ .

(٥) تاهیر ئە حمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە یا کویسنجق، چاپخانەی الوفاء، بەغدا، ١٩٦٢، ل٢٢-٢٤ .

(٦) کەریم مستەفا حەماغای حەوێزی (١٩٢٨/کۆیە-٢٠١٥/هەولێر)، شاعیر و نووسەر، دەرچووی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی بەغدادە لە ساڵی ١٩٥٠. دوای دەرچوونی بە مامۆستا لە کۆیە دامەزراوە و وانەکانی عەرەبی و کوردی گوتووەتەوە. لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی دوورخراوەتەوە بۆ خوارووی عێراق و لە ساڵی ١٩٦٦ دا گوێزراوەتەوە بۆ پارێزگاری هەولێر. لە شوباتی ١٩٧٠ ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی هەولێر بووە. لە ساڵی ١٩٧٣ دا بە ئەندامی یاریدەدەری کۆری زانیاری کورد لە بەغدا هەڵبژێردراوە. لە ساڵی ١٩٩٧شدا دوای بووەتە ئەندامی ئەکادیمییای کوردستان، پاشان کاری وەرگێڕانی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستانی کردووە. کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر، ٢٠٢١، ل٢٧٠-٢٧٣.

پێی وایە  وشەی (کۆ) یان (کێو) بەواتای چیا دێت"[٧]. یەکێکی دیکە لەڕاوبۆچونەکان، باس لەوە دەکات، کە کاتێک عەرەبە موسڵمانەکان، یان عوسمانییەکان (ئالا-سنجەق)ی پێغەمبەر (د-خ) یان هێناوەتە ئەو شوێنەی ئێستای کۆیە، کە لە پێشدا ناوی (کۆسار) یان (کۆهەسار) بووە، وە لەسەر قەلای (قووچ پاشا) چەقاندوویانە، ناوەکەی بووە بە (کۆیسنجەق). بەشێکی دیکەی مێژوونووسان، پێیان وایە، لەکاتی هاتنی مەغۆلەکان بۆ ناوچەکە، شاری کۆیە لەجێگای گوندی (قەیسەری) یان (ئەسکی کۆیە)ی ئێستادا بووە، دوای ئەوە، لە لەلایەن سوپای مەغۆلەوە داگیر دەکرێت و وێران دەکرێت، خەڵکەکە ناوچەکەیان جێهێشتووە، بەڵام پاش ماوەیەک دووبارە گەڕاونەتەوە و لەو شوێنەی ئێستای کۆیە کۆبوونەتەوە و نیشتەجێ بوونە[٨].

یەکێکی دیکە لە بۆچوونەکان، بڕوای وایە ناوی (کۆیسنجەق) لەبنەڕەتدا لە (کۆی-سان- جا)وە هاتووە، کە بەمانای (چیای بارەگای سوڵتان) دێت. بەم پێیەش ناوەکە، بۆ سەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە. بەڵام (مەسعوود محەمەد) نووسەر و بیرمەندی کورد، بڕوای وایە کە مێژووەکەی بۆ پێش عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەش، لە کتێبی (ئەزکاری)ی (ئیمامی نەوەوی)، کە پێش هاتنی عوسمانییەکان بۆ ناوچەکە، لەلایەن یەکێک بەناوی (خزر بن عومەر کوینجقلی) دروست کراوە، کە هاوسەردەمی هۆلاکۆ یان تەیموور لەنگ بووە. هەروەها شاعیری کورد حاجی قادری کۆیی لە شعرێکدا، ناوی (کۆیە)ی بی (کۆ) هێناوە، کە گوزارشتە لە (کێو) یان چیا و دەڵێت:

**لەمەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ**

**قوبەی کشمیری دا بەر شەق وەکو گۆ**[٩]

---

([٧]) هەمان سەرچاوە، ل١٠.

([٨]) جەمال فەتحوڵڵا تەیب، کۆیە/ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی کۆمەڵایەتییە، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری ( ی . ن . ک)، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٥.

([٩]) حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ناوەندی چاپی ڕۆژ، مەهاباد، ٢٠١٨، ل١٩١

**٣. بارودۆخی ئابووری:**

کۆیە هەر لە کۆنەوە تایبەتمەندی ئابووری خۆی هەبووە، بە تایبەتی لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، دوو سەرچاوە وایان کردبوو کە کۆیە ببێتە ناوچەیەکی گرنگی ئابووری ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. هەڵکەوتەی جوگرافیای شارەکە، کە کەوتبووە سەر ڕێگای بازرگانی سەرەڕێگای سووریا لەلایەکەوە وە باکووری ڕۆژئاوای باکوری ئێران کە ئازربایجان و کوردستان دەگرێتەوە[١٠].

٢. یەکێک لە لایەنەکانی ئابووری کۆیە، وردە پیشەسازی یان پیشەی (کارگەچێتی) بووە. کە بە یەکێک لە خەسڵەتە ئابوورییەکانی کۆیە دادەنرێت، لەبەر ئەوەی دەستی کارکەر لە قەزاکەدا زۆر بووە. کۆیە هەر لەکۆنەوە ناوچەیەکی گرنگی پیشەکاریی ڕستن و چنین بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، چەخماخسازی (دروستکردنی چەک) و باوی هەبووە. ئەمە وێڕای پیشەی دروستکردنی مافوور و لباد. زۆربەی ئەو پیشە وردانەی کە ویست و خواستی خەڵکی لەسەر بوایە لە کۆیەدا هەبووە. بەڵام بارودۆخی ئابووریی کۆیە، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەرەو لاوازی چووە. بەهۆی ئەو شوێنەوارە خراپانەی کە جەنگ لەدوای خۆی جێیهێشت، هۆکاری هەموو ئەوانەش دەگەڕێتەوە بۆ باڵادەستبوونی عوسمانییەکان کە ئەو کاتە دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتبوو[١١].

لایەنێکی دیکەی ئابووریی کۆیە، کەرتی کشتوکاڵ بوو، کەرتی کشتوکاڵ وەکو یەکێک لە کەرتە زۆر گرنگەکانی ئابووریی کۆیە دادەنرێت، دەتوانین بڵێین وەکو بونیادێکی ئابووری بووە لەو قەزایەدا. چونکە بەکاربردنی خۆراکی بۆ زۆربەی دانیشتوان دابین دەکرد. گرنگترین ئەو بەرهەمانەی کە لە کۆیە دەچێندران ئەمانە بوون: جۆ، گەنم، برنج، تووتن و جۆرەها میوە، کە دەتوانین بڵێین ئەو شارە بەجۆرەها میوە بە ناوبانگ بوو. کە وای کردووە داهاتێکی بەرچاو بۆ خەڵکەکە دابین بێت[١٢].

---

(١٠) جەمال فەتحوڵڵا، س.پ، ل١٤٤،٥٣.

(١١) کۆمەڵێک نووسەر، عوسمانییەکان، و. د.سەلام عبدالکریم، چ٤، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٥.

(١٢) کامەران تاهیر، س.پ، ل١٧٥

ئاژەڵدارییش یەکێکی دیکە بووە لەو خەسڵەت و ڕێگایانەی کە لەبوواری ئابوورییدا ڕۆڵی هەبووە و خەڵک پشتیان پێی بەستووە، هەندێک ناوچەکانی نزیک کۆیە خەریکی ئاژەڵداری بوون لەوانە وەک شارەدێی تەق تەق و ئاشتی، کە ڕێژەی ئەو ئاژەڵانەی لەوێ بەخێو دەکران، لە (٢٣%) بۆ لە (١٣%) دەخەمڵێندرێت[١٣].

### ٤. لایەنی کۆمەڵایەتی کۆیە:

کۆیە پەیوەندییێکی کۆمەڵایەتی باشی هەبوو، لەگەڵ زۆربەی نەتەوە و کلتوورە جیاوازەکان، ئەوەش وای کردووە ببێتە شاری پێکەوە ژیان لەنێوان مەزهەب و ئایین و نەتەوە جیاوازەکان. شاری کۆیە هەر لەکۆنەوە شارێکی مرۆڤدۆستانە ناسراوە، لەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی ناوەوە و دەرەوەی شارەکە بەهێز بووە، تەنانەت کۆییەکان وتەیەکی دیاریان هەیە لەناو کوردەکان کە دەڵێن: (کۆییاتی و خۆییاتی)، مەبەست لەوەش ئەوەیە، کە شاری کۆیە، شانازی بە کۆییبوونی خۆیانەوە دەکەن[١٤]. کاتێک لە شارەکەیان دوور بکەونەوە ئەو وتەیە بە کار دێنن. ئەوەتا شاری کۆیە بوو بە پەناگەیەک بۆ ژمارەیەک لە خەباتگێڕانی کوردانی ئێران کە لەدەست هێزەکانی (محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی)[١٥] هەڵاتبوون. لەوانە (سەددیق حەیدەری)[١٦] کە وەزیری

---

([١٣]) هیوا صادق، س.پ، ل١٩٢ .

([١٤]) جەمال فەتحوڵا، س.پ، ل٥٨.

([١٥]) محەممەد ڕەزا شا پەهلەوی (١٩١٩/تاران-١٩٨٠/قاهیرە)، شای ئێران، ساڵی ١٩٢٥ کاتێک محمد تەمەنی ٥ ساڵ بوو، ڕەزا شای باوکی، بە هاوکاری ئینگلیزەکان، توانی کۆنترۆڵی ئێران بکات و بووە شای ئەو وڵاتە، هەروەها محەممەدی کوڕی لە نیسانی ١٩٢٦ وەک شازادەی جێنشین دەستنیشان بکات. لە قوتابخانەی سویسری خوێندوویەتی، پاشان کۆلێژی سەربازی لە ئێران تەواو کردووە. محەممەد ڕەزا پەهلەوی لە ساڵی ١٩٤١ لە شوێنی باوکی بووە شای ئێران و لە سەرەتای دەسەڵاتی خۆیدا هەوڵی جێبەجێکردنی چاکسازی وڵاتییدا، بەڵام چاکسازییەکانی کێشەکانی ئێرانی وەک هەژاری و بێکاری و گەندەڵی چارەسەر نەکرد. ئەمەش بووە هۆی پەرەسەندنی توڕەیی جەماوەر و هەڵگیرساندنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و لەناوچوونی دەسەڵاتەکەی. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد (دکتۆر) و خەلیل عەلی مراد (دکتۆر)، مێژووی ئێران و تورکیا توێژینەوەیەک لە مێژووی تازە و هاوچەرخ، و: بەهادین جەلال، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل١٩٦-١٩٧.

([١٦]) سەددیق حەیدەری ، کەسایەتییەکی سیاسی کورد بوو، وەزیری ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بوو (وەرگیراوە لە سایتی فەرمی حدکا).

ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بوو، لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێیانی بۆ ماوەی ساڵێک لە ژێر پارێزگاری خەڵکی ئەو شارەدا مانەوە[17].

لەناو شاری کۆیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گەرم بووە، وە چەندین بنەماڵەی بەناوبانگی تێدا بووە لەوانە، وەک: حەویزی، غەفوری، جەلی زادە، تاڵەبانی، خەسرەویان، شێخانی و خۆشناو. ئەوانە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی باشیان لە نێواندا هەبووە. وە لەنێو ئەو بنەماڵانەدا، کەسایەتی دیار هەڵکەوتوون. ئەم پەیوەندییە تا ڕاددەیەک وای کردبوو دەسەڵاتی سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگەکان کەم بێتەوە. ئەمەش بۆمان دەردەخات پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە سەرووی پەیوەندی هۆزایەتی بووە[18].

حوسێن حوزنی موکریانی[19]، لە ساڵی ١٩٣٥، سەردانی شاری کۆیە دەکات، سەبارەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان، دەڵێت: "خەڵکی کۆیە، زۆر میوان ڕاگر و ناندەر و پڕمیوان بوونە. کۆییەکان کوردێکی دڵپاک و خاوێنن". هەر لەبوواری کۆمەڵایەتییدا، بە لانکەی پێکەوەژیانی ئایینەنەکان دادەنرێت، لەو شارەدا (جوولەکە و مەسیحی و موسڵمان)، لەپاڵ یەکتریدا ژیاون و هەروەها هاوکاری یەک بوونە. تەنانەت لە کۆیە گەڕەکێک هەبوو، پێیان دەگوت (گەڕەکی جولەکەکان)، کە تا ئێستاش ناوی ئەو گەڕەکە نەگۆڕدراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کۆیە شوێنی پێکەوە ژیان بووە و ئێستاش هەر وایە. بۆ نموونە کاتێک جولەکەکانی کۆیە لەکاتەی دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا و چوونەوە ئەو وڵاتە، بۆ ئەوێ ئاپۆڕای جەماوەری خەڵکی کۆیە لەسەر شەقامەکان وەستاون بۆ بەڕێکردنیان، فرمێسک لە چاوانیان دەباری[20].

---

(١٧) هەمان سەرچاوە.

(١٨) شیلان تاهیر صالح، کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٥/ توێژینەوەیەک لەبارودۆخی سیاسی، ماستەرنامە، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨، ل٤٣.

(١٩) حوسێن سەید عەبدوللەتیفی موکریانی (١٨٩٠/مەهاباد-١٩٤٧/بەغداد): ڕۆژنامەنووس، مێژوونووس، هونەرمەند بوو. لە تەمەنی گەنجێتییەوە لە شاری حەلەب نیشتەجێ بوو، لەوێ بەکاری چاپخانە و زەنگۆگرافەوە خەریک بووە. لە نێوان ساڵانی (١٩٢٦-١٩٣٢) دا گۆڤاری (زاری کرمانجی) لەڕەواندز و گۆڤاری (ڕووناکی) لە شاری هەولێر نێوان ساڵانی (١٩٣٥-١٩٣٦) دا دەرکردووە. جگەلەبەرهەمی ڕۆژنامەوانی، چەند کتێبێکیشی لەبوارەجیاوازەکاندا بەچاپ گەیاندووە.

(٢٠) جەمال فەتحوڵڵا، س.پ، ل٥٢-٦٠.

## تەوەرەی دووەم/

# بارودۆخی سیاسی کۆیە

## ١٩٥٨-١٩٢١

کۆیە یەکێک بووە لەو شارانەی کوردستان، کە ڕۆڵی خۆی لە ڕووی سیاسییەوە گێڕاوەو وە کاریگەر بووە بەسەر ئەو ڕووداوانەی کە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا ڕوویانداوە. چ بە شۆڕش بووبێت، یاخود بە هەڵوێست و ناڕەزایی دەربارەی مافە ڕەوایەکانی گەلی کورد. هەندێک لەو ڕووداوانە پەیوەندییان بە ناو شاری کۆیە هەبووە. بۆیە دەکرێت باس لە بەشێک لەو ڕووداوە سیاسیانە بکەین، کە لەناو کۆیەدا ڕوویانداوە، خەڵکی کۆیە ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە و بەشدار بوون.

**١. هەڵوێستی کۆیە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ١٩٢١:**

یەکێک لەو ڕووداوانەی، کە بۆ مێژووی کۆیە زۆر گرنگە، ئەویش ڕۆڵی کۆیەیە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەساڵی ١٩٢١. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، کە جەنگەکە بووە هۆی داڕمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لەدوای خۆیدا بۆشاییەکی گەورەی سیاسی و ئیداری بەجێهێشت، بەشێک لەناوچەکانی کوردستان لەوسەردەمەدا لەدەستی دەوڵەتی عوسمانییدا بوون، کۆیەش یەکێک بوو لەو ناوچانەی کە عوسمانییەکان بە ناوچەیەکی گرنگ و پڕ لەبایەخیان دەزانی. خەڵکی کۆیەش بەرامبەر نادادییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بێدەنگ نەدەبوون، بۆیە ئەو دەسەڵاتە، ڕۆژانە، ژمارەیەک لەگەنجی کۆیەی لەبەردەم سەرادا لە سێدارە دەدا، شێوازەکانی ئەم نادادییەش لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١. لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم، بەزۆرسەربازییکردن لە ئارادابوو، خەڵکی کۆیە کە نەیاندەویست ببنە سەرباز و ناڕەزاییان دەردەبڕی.

٢. سیاسەتی سەرکوتکردن و تالانکردنی سەروەت و سامانی خەڵک.

---

٣. بڵاوبوونەوەی گرانی و قاتوقڕی خەڵکی ناوچەکەی ماندوو کردبوو، هەزارەها خەڵک لەوپەڕی هەژارییدا بوون(٢١).

لەبەر ئەم هۆکارانە، خەڵکی کۆیە هەروەکو زۆربەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان لەناوچوونی دەوڵەتی عوسمانیان بە ڕووداوێکی گرنگ و بە قازانجی دۆزی ڕەوای کورد دەزانی. بۆیە دوای چوونە دەرەوەی لەشکری عوسمانی بەر لەهاتنی ئینگلیز بۆ ناوچەی کۆیە خەڵکی شارەکە ئیدارەیەکی تایبەتیان شاریان دروست کرد(٢٢).

کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی بووە هۆی دارمانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کە لەدوای خۆی بۆشاییەکی سیاسی و کارگێڕیی گەورەی لە ناوچەکەدا دروستکرد، هەڵبەت ئەو بارودۆخە دەرفەتی بۆ ناوچەکانی ویلایەتی موصڵیش ڕەخساند کە لەسایەیدا بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی بەرەو گەشەسەندن ببات وە زەمینەیەکی لەبار بۆ دروستکردنی کابینەیەکی فەرمانڕەوایی بەسەرکردایەتی شێخ مەحموود لە سلێمانی و دەوروبەرییدا فەراهەم بکات(٢٣).

لە ڕووی کارگێڕییەوە، کۆیە وەک شارێک تا کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، سەر بە سنجەقی کەرکووک بوو، دواتر لە سەردەمی یەکەم حوکمداری شێخ مەحموود(٢٤) لە ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨، بووە بەقەزایەکی سەر بە سلێمانی، بەڵام دوای

---

(٢١) ئومێد حەمە ئەمین، شێخ مەحمودی حەفید (١٩٢٢–١٩٢٥)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣٩.

(٢٢) جەمال فەتحوڵڵا، س.پ، ل٨٩.

(٢٣) هەمان سەرچاوە، ل٩٣.

(٢٤) شێخ مەحموود شێخ سەعید شێخ محەممەد (لەدایکبووی ١٨٧٨ – مردووی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٦) ڕابەری چەندان ڕاپەرینی کوردی بوو دژی هێزی بریتانی لە کوردستان. ئەو شێخی ڕێبازی قادرییە بوو لە خێزانی بەرزنجی لە شاری سلێمانی. لە زۆربەی ڕاپەڕینەکاندا، بە پاشای کوردستان ناوبراوە.لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩١٨ لە کۆبوونەوەیەکدا لە سلێمانی لەگەڵ کۆڵۆنێل ئارنۆڵد وێڵسن، مەندوبی سیڤیلی میسۆپۆتامیا بە وەکالەت، سەرکردە کوردەکان داوای پاڵپشتیی بریتانیایان کرد بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ لە سایەی پاراستنی بریتانیادا. لەنێوان ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٢٢، شێخ مەحموودی حەفید کە سەرکردەیەکی کوردی کاریگەر بووە لە سلێمانی، حکومەتێکی کوردیی پێکهێنا و دوو شۆڕشی دژی حوکمی بریتانیا کرد. دوو ساڵی پێ چوو تا دەسەڵاتی بریتانی توانی ڕاپەڕینەکانی سەرکوت بکات. شێخ مەحموودی حەفید - ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد(wikipedia.org)

ڕووخانی حوکمدارییەکەی شێخ مەحموود، لە مایسی ١٩١٩ بوو بە قەزایەکی سەر بە هەولێر، کە تازە وەک لیوایەکی سەربەخۆ، لە لیوای موصڵ جیاکرابووەوە[٢٥].

دوای هاتنی هێزەکانی ئینگلیز بۆ کۆیە، بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٩ دەربارەی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق ڕاپرسییەکی ئەنجامدا، کە دانیشتووانی سلێمانی چوونە پاڵ دەوڵەتی عێراقیان ڕەتکردەوە. پارێزگای کەرکووک و کۆیەش لە دژی چوونە پاڵ حکوومەتی عێراق دەنگیان دا. واتا زیاتر لەنیوەی ویلایەتی موصڵ لە دژی یەکگرتن بوون لەگەڵ حکوومەتی عێراق. هەروەها لەو ڕاپرسییەی کە بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢١ بەمەبەستی هەڵبژاردنی شا فەیسەڵی یەکەم[٢٦] ئەنجامییدا تاوەکو شەرعیەتی پێ بدات وەکو شای عێراق، لەو ڕاپرسییەدا دانیشتووانی کەرکوک و کۆیە دژی دانانی شا فەیسەڵ بوون. وە شاری سلێمانیش بەشداری نەکرد، بەڵکو داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەکرد وە هەروەها لیوای کەرکوک کە ئەوکات هەولێر و کۆیە و ڕەواندزی دەگرتەوە، دژی شا فەیسەڵ دەنگیان دا[٢٧].

بەم شێوەیە شاری کۆیە هەر لەسەرەتاوە دژی دامەزراندنی حکوومەتی عێراقی عەرەبی و لکاندنی باشووری کوردستان بوو بە عێراق.  وە ڕا و بۆچونی خەڵکی کۆیە وابوو، کە پێویستە کورد سەربەخۆ بێت، ئەمە لە کاتێکدا بەپێی بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەر لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠[٢٨]، مافی خۆڕێبەری کورد دەستەبەر کرابوو. مەلای گەورەی

---

(٢٥) ئومێد حەمە ئەمین، س.پ، ل٢١.

(٢٦) شا فەیسەڵ کوڕی حوسێن، ساڵی ١٨٨٣ لە حیجاز لەدایکبووە، لە نێوان ساڵانی (١٩٢١-١٩٣٣) پاشای عێراق بوو. ساڵی ١٩٣٣ کۆچیدوایی کردووە.

(٢٧) جەمال فەتحوڵلا، س.پ، ل٩٣.

(٢٨) پەیماننامەی سیڤەر: ئەو پەیماننامەیە بوو کە لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لە نێوان تورکیا و هاوپەیمانەکان مۆرکرا لە سیانزە بەش و چوارسەد و سی وسێ بەند پێکهاتبوو. سەرباز مەجید خۆشناو، بەستنی مێژوویی و کاریگەری قۆناغی نێوان پەیماننامەکانی سیڤەر و لۆزان لەسەر جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورد بۆ پرسی سەربەخۆبوون ، چ١، هەولێر، ٢٠١٨، ل٥٧.

کۆیە[٢٩]ش لەگەڵ مافی سەربەخۆیی گەلی کوردا بوو هەرچەندە کاریگەری ئەوتۆی لەسەر ڕەوتی ڕوداوەکان نەبوو[٣٠]

### ٢. پەیوەندییەکانی کۆیە لەگەڵ کۆماری کوردستان لە مەهاباد ١٩٤٦:

لەدوای جەنگی جیهانی دووەم، ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران، گەشەکردنێکی خێرای بەخۆیەوە بینی. هەربۆیە دروستبوونی کۆماری مەهاباد، ڕووداوێکی سەرپێیانە و لەخۆوە نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو، یەکێکە لەهەرە ڕوداوە گرنگەکانی کورد کە بۆ یەکەمجار بوو کورد کۆمارێکی سەربەخۆ و ئازاد پێک بهێنێت، وە بتوانێت بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت خۆی فەرمانڕەوایەتی بکات هەوڵی بە کوردیکردنی خوێندن و بووژانەوەی کەلتووری نەتەوەیی بدات. ئەم کۆمارەش لەلایەن قازی محەمەد[٣١] لە (٢٢ی کانوونی دووەمی١٩٤٦) لەمەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد ڕاگەیەندرا ئاهەنگەکەش بەسرووودی (ئەی ڕەقیب) دەستی پێکرد ئەمەش نامەیەک بوو بۆ هەموو دوژمن و داگیرکەرانی کورد و کوردستان کە کورد زیندوە و قەت نامرێت[٣٢].

---

([٢٩]) مەلا محەممەد کوڕی حاجی مەلا عەولای جەلیزادەیە،ساڵی ١٨٧٦ لە کۆیە لەدایک بووە. مەلا محەممەد کەسێکی ڕۆشنبیر بووە، دەکرێت بە پێشڕەوی ڕۆشنبیریی دابنرێت لەنێو مەلایانی کوردەواری. لە ژیانیدا کۆمەڵێک کاری کردووە، لەوانە: وانەگوتنەوە بە فەقێیان، قازییەتی، و کاری میری، تا ئەندامەتیی ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق. لە ساڵی ١٩٢٨ بەتەواوی دەستبەرداری هەموو کاروبارێکی میری بوو. ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ وانەگوتنەوە و نووسینی کتێب و ڕووناککردنەوەی بیروباوەڕی خەڵک. یەکێک لەو بابەتانەی کە مەلای گەورە زۆر ئاوڕی لێداوەتەوە؛ بابەتی ئازادیی ژنان و خوێندنیان بووە. یەکێک لەو هەنگاوە گرنگانەی لەم بوارە نای، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٦ کچی خۆی ناردە مەکتەب. پێشی وابوو کە دەبێت کچان لە گەڵ کوڕان لە مەکتەب لەسەر یەک کورسی دابنیشن و ئەوانیش وەکوو کوڕان خوێندەوار بن و فێری زانست ببن. مەلای گەورە لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ لە کۆیە کۆچی دوایی کرد. مەلای گەورە-ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد (wikipedia.org)

([٣٠]) جەمال فەتحوڵلا، س.پ، ل٩٣.

([٣١]) قازی محەممەد (١ی ئایاری ١٨٩٣ – ٣١ی ئازاری ١٩٤٧) سیاسەتوان، دادوەرێکی کورد و سەرۆکی کۆماری کوردستان بوو. ئەو یەکێک لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ناوچەی موکریان بوو کە لە ساڵی ١٩٤٦ بە هاوکاری چەند کەسێکی دیکە وڵاتێکی سەربەخۆیان لە شاری مەهاباد دامەزراند. دوای ڕووخانی کۆمار لە ساڵی ١٩٤٧دا قازی لەگەڵ هاوڕێکانی لەلایەن حکوومەتی پەهلەوی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە درا. قازی محەممەد - ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد(wikipedia.org)

([٣٢]) مەحموود مەلا عزەت، کۆماری کوردستان، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١١٧.

کاریگەری کۆماری کوردستان نەک تەنها لە ناوچە کوردییەکانی ڕۆژهەلات بوو، بەڵکو گەیشتە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، یەکێک لەوشوێنانەی کاریگەری هەبوو شاری کۆیە بوو. کە گەنج و پیر و لاو و تەنانەت ئافرەتیش پشتگیرییان لە کۆمار کرد. وە کۆماری کوردستان ببوە بزوێنەری جوڵانەوەی هەستی نەتەوایەتی لای هەموو کوردێک هەر ئەمەش هانی خەڵکی کۆیەیدا بەشداری لەم کۆمارەدا بکەن، وە لە پێناویدا گیانی خۆیان فیدا بکەن. ژمارەیەک کەسایەتی کۆیە ڕاستەوخۆ بەشدارییان لەم کۆمارەدا کردووە لەوانەش (مەحەمەد تۆفیق وردی، ڕەئیس بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، مستەفا خۆشناو) لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک لەکەسایەتییەکانی شاری کۆیە بەبەردەوام خەریکی کۆکردنەوەی یارمەتی و هاوکاری بوون بۆ کۆمار، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکی دیکە هانی خەڵکییان دەدا بۆچونە پاڵ کۆمارەکە. (کاکە زیاد کوڕی حەمە ئاغای غەفوری )[٣٣] ، لە دیارترین و چالاکترین ئەو کەسانە بوو کە بەشداری لە کۆمارەکەدا کرد، کە لەهەندێک سەرچاوەکان دەڵێن بڕی ئەو پارەیەی کە کاکە زیاد کۆی کردبوەوە بە (٢٠٠٠) دینار دەخەمڵێندرێت، کە لە ڕێگای بەشێک لە خزمەکانی ڕەوانەی کۆیەی کردبوو، لەگەڵ نامەیەکی تایبەت بۆ (مەلا مستەفای بارزانی) کە فەرماندەی هێزی چەکداری کۆماری مەهاباد بوو، کاکە زیاد تەنها هەوڵەکانی بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی و پەیداکردنی پشتیوانی بۆ کۆمار لە چوارچێوەی کۆیە و دەوروبەری نەبوو، بەڵکو هەوڵەکانی فراوانتر بوو کە نامەی بۆ سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکان دەنارد، داوای هاوکاری و پاڵپشتی لێکردن بۆ

---

([٣٣]) کاکە زیادی کوڕی حەمە ئاغای گەورە ساڵی ١٩١٤ لەشاری کۆیە لەدایک بووە. بەمنداڵی خراوەتە بەر خوێندن و مردنی زوی حەمە ئاغای باوکی ڕێی لەکاکە زیاد گرت کە درێژە بەخوێندن بدات و ئەرکی بەڕێوەبەردنی بنەماڵەکەی گرتە ئەستۆ، بەڵام هەرگیز لەخوێندن و خۆ ڕۆشنبیر کردن دانەبڕاوە. ڕۆڵێکی گرنگی بینی لەحزبی (هیوا)دا و دواتریش لەحزبی (رزگاری)دا. کە پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، لە کۆنگرەی یەکەمدا کرابە جێگری سەرۆکی پارتی. ساڵی ١٩٤٧ لە پەڕلەمانی عیراقیدا بوو بەنوێنەری ناوچەی کۆیە. ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول دا، کاکە زیاد پەیوەندی کرد بە شۆڕشەوە و تا ساڵی ١٩٧٥ بە بەردەوامی لەخزمەتی گەل و نیشتمانەکەی دا بوو. دوای هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا کاکە زیاد وازی لەچالاکی سیاسی هێناو لە بەغدا نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٩٩١ کە کۆڕەوە مەزنەکەی گەلی کورد دەستی پێکرد کاکە زیادیش لەگەڵ خێزانەکەیدا ئاوارەی ئێران بوو. ئەم گەورە پیاوەی کورد ڕۆژی١٢-٠٤-١٩٩١ لە شاری (نەغەدە) کۆچی دوایی کردووە. سایتی کوردپیدیا.

کۆمار، بەشێوەیەکی گشتی پشتگیرییان لێکردووە، وە خەڵکی کۆیە زۆر بوێرانە و بەئاشکرا و بەنهێنی پاڵپشتی کۆیەیان سەلماندووە بۆ کۆماری گەورە ، خەڵکی کۆیە ئامادەی هەموو قوربانییەک بوون بۆ سەرکەوتنی کۆماری مەهاباد وە چەندین شەهیدیان بەخشیوە یەکێک لەوانەش (عەبدولواحیدی کوڕی هەمزە) بووە[٣٤]

**٣. ڕۆڵی کۆیە لە ڕاپەڕینی کانونی دووەمی ١٩٤٨ لە عێراق:**

لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٨ دا هەندێک دەنگوباس لەنێو خەڵکدا بڵاببووەوە، لەوانە وەزارەتی ساڵح جەبر بڕیاری داوە (پەیمانی ساڵی ١٩٣٠)[٣٥] لەگەڵ بەریتانیا نوێ بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە شاندی عێراق، لەناوەڕاستی مانگی کانونی دووەمی ١٩٤٨، بەسەرۆکایەتی ساڵح جەبر، سەردانی لەندەنیان کرد، شاندی بەریتانی کە (مستەر بیڤن) سەرۆکایەتی دەکرد، هەردوولا لە شاری (پۆرتسمۆس) لەسەر مۆرکردنی پەیماننامەکە ڕێککەوتن. بڵاوبوونەوەی ئەم دەنگوباسە لەناوچەکەدا، کاردانەوەی گەورەی لێکەوتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی دەقی پەیمانەکە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرانەوە. گەلانی عێراق وا مەزەندەیان دەکرد، ئەو پەیمانە زیاتر باری ژیانیان قورس دەکات، ئەمە جە لە لەدەستدانی سەروەرێتی خاک و نیشتیمان وە هێڵی ئاسمانی، هەر بۆیە گفتوگۆ لە نێوان هێزە نیشتیمانییەکانی عێراق دەستی پێکرد، هەر بۆیە هاوهەنگی لەنێوان کورد و عەرەب دەستی پێکرد بۆ هەرەسهێنانی پەیمانی (پۆرتسمۆس)، چەند لیژنەیەک پێکهات، کاتێک گەلانی عێراق گوێیان لە پەیماننامەکە بوو، لە زۆربەی شارەکانی عێراق دەستیان بە خۆپیشاندان نارەزایەتی کرد و بەڕووی حکوومەتدا تەقینەوە، وە سامناکترین ڕۆژی خۆپیشاندان لە ٢٧ مانگی کانونی دووەمی ١٩٤٨ بوو کە لە بەغداد دەستی پێکرد، خۆپیشاندەران هەرچی

---

([٣٤]) جەمال فەتحوڵلا، س.پ، ل ١٦٢-١٦٣.

([٣٥]) پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ : ئەو پەیمانە بوو کە لە نێوان عێراق و بەریتانیا مۆرکرا لەوێدا عێراق لە ڕووی سەربازی و سیاسی و ئابووری بەسترایەوە بە بەریتانیا بەمەش سەروەرییەکانی خۆی لەدەستدا ئەم پەیمانە بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی بە مافەکانی کورد نەدابوو بۆیە ڕەتیان کردەوە. عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الوزرات العراقیە ، ج٣ ، دار الکتاب، بیروت ، ١٩٧٤، ل٦٧ .

کەوتە بەردەستیان تێکیاندا و دەسەڵاتدارنی عێراقیش بە گولە وەڵامی جەماوەریان دایەوە بەوەش ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران کوژران و برینداربوون[٣٦].

خەڵکی کۆیە لەم ڕاپەڕینەدا گێراوە، تەنانەت یەکێک لە بریندارەکانی خۆپیشاندانەکەی ٢٧ی کانوون، (عومەر دەبابە)[٣٧] بوو، کە کەسایەتییەکی شاری کۆیە بوو، کە سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکانی (کۆلیژی ماف)ی دەکرد لە بەغداد، ئەندامی ناسراوی پارتی بوو، ئەم هەڵوێستە جوانەی عومەر دەبابە بووە شانازیەک بۆ سەرجەم گەلی کورد بە گشتی. دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕاپەڕینەکە، لەنێو شاری کۆیەشدا خۆپیشاندانێکی گەورە سازکرا، کە پارتە سیاسیەکان بێ جیاوازی ئایدۆلۆژیا و زۆربەی چین و توێژەکانی کۆیە، بەشدارییان تێدا کرد. لە ڕێکەوتی ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨، خەڵکی کۆیە بە جارێک ڕژانە سەر شەقام و کۆڵانەکان، بە دروشمی (بڕوخێ ئیستیعمار– بڕۆخێ حکوومەتی کۆنە پەرستی عێراق) پەیامی هاودەمی ڕاپەڕینی کانوونیان دایە حکوومەتی عێراق. ئەم قوتابییە کوردانەی کە لە بەغداد گەڕابوونەوە هانی خەڵکی کۆیەیان دەدا بۆ خۆپیشاندان و پلانەکانی بەریتانیایان بۆ خۆپیشاندەران شیدەکردەوە. بەڵام دوای ئەوەی خۆپیشاندانەکە لە بەغداد کپ کرایەوە و وەزارەتەکەی ساڵح جەبر دەستی لە کار کێشایەوە، ئەوسا لە شاری کۆیەش پشتگیری ڕاپەڕینەکە، کۆتایی پێهات[٣٨].

**٤. کاریگەری شۆڕشی چواردەی تەمووز لەسەر کۆیە:**

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥)، بارودۆخی سیاسی عێراق کەوتە ژێر کارتێکردنی ڕوداوە سیاسییە دەرەکییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عەرەبی، هەندێک ڕووداوی سیاسی هەبوون وایکرد کاریگەری بخاتە سەر عێراقییەکان، بیرۆکەی

(٣٦) چارلز تریب، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق، و: محمد حسین و عبدالقادر کلهور، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٤٢.

(٣٧) عومەر دەبابە، ناوی تەواوی عومەر موستەفا مەحەمەدە، لەساڵی ١٩٢٤ لە کۆیە لەدایکبووە ، لە ساڵ ١٩٥٢ کۆلێژی یاسای لە بەغداد تەواو کردووە پێشڕەوی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٤٨ ی کردووە ، لەبەر ئەوەی لەهیچ شتێک نەگەڕاوەتەوە نازناوی دەبابەیان پێداوە. ساڵی ١٩٩٢ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. سایتی کوردپیدیا.

(٣٨) جەمال فەتحوڵڵا، س.پ، ل ١٧٤.

پێکهێنانی سیستەمی کۆمارییان هەبێت، بەسەرۆکایەتی (عەبدولکەریم قاسم) [٣٩]، ئامانجیان ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی بوو لە عێراق، ئەوەبوو کە شۆڕشی ١٤ ی تەممووزی ١٩٥٨ هەڵگیرسا و شۆڕشگێڕان توانییان جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست. جگە لە ئەفسەرە پلەدارەکان، هەندێ سەربازی کوردیش ڕۆڵیان تێدا گێڕا، لەکاتی هێرشبردنە سەر (قصر الرحاب)[٤٠]. لەوانە کەسێکی کۆیی بوو بەناوی ڕەئیس عورەفا (ئەحمەد کۆیی) بوو. بەم جۆرە سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٤ ی تەممozی ١٩٥٨، یەکەمین بەیاننامەی شورشگێڕان لە ڕادیۆ بڵاوکرایەوە، کە تێیدا هەواڵی کۆتایهێنان بە ڕژێمی پاشایەتی و هێنانە کایەی سیستەمی کۆماری ڕاگەیێندرا. شۆڕشی ١٤ی تەممozی ١٩٥٨ لەلایەن بەشی هەرە زۆری چین و توێژەکانی عێراقەوە زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ کرا، گۆڕانی سیستەمی سیاسی لە عێراق بووە هۆی ئەوەی گۆڕانێکی زۆر لە بوارەکانی ئابووری سیاسی ئەو پارت و ڕێکخراوانەی کە پێشتر مۆڵەتی کاری سیاسیان پێ نەدرابوو بە ئاشکرا داوای مۆڵەتیان دەکرد لەوانە ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) وە (حیزبی شیوعی عێراقی) [٤١].

هەر یەک لەو دوو پارتە ڕێکخراوی خۆیان هەبوو لە ناو شاری کۆیەدا، لێرەدا هەڵوێستی خەڵکی کۆیە دەردەکەوێت کە نەیاندەویست لە ڕەوتی خەباتی نەتەوایەتی دووربکەونەوە، هەر بۆیە ژمارەیەک لە کەسایەتیە ناسراوەکانی شارەکە کۆبونەوەیان بەست لەوانەش ( کاکە زیاد ئاغای غەفوری، عەلی عەبدوڵڵا، مەسعوود محەمەد)، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری ناردنی دەستەی نوێنەرایەتی بەناوی شاری کۆیە بۆ بەغداد درا، لە کۆتاییدا ڕێککەوتن کە لە ڕۆژی (٢٧ی تەممozی ١٩٥٨)، دەستەی نوێنەرایەتی هاوبەشی

---

(٣٩) عەبدولکەریم قاسم موحەمەد ئەلبەکر ئەلزوبەیدی (١٩١٤/بەغداد-١٩٦٣/بەغداد): قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری بەغداد تەواو کردووە. لە ماوەی ساڵانی (١٩٣١-١٩٣٢) دا بووەتە مامۆستا. پاشان لە ساڵی ١٩٣٣ دا، چووەتە کۆلیژی سەربازی و ساڵی ١٩٣٤ تێیدا دەرچووە و بووەتە ملازمی دووەم. لە ساڵی ١٩٤١ دا، لە کۆلێژی ئەرکان دەرچووە. ساڵی ١٩٥٥، گەیشتووەتە پلەی زەعیم ڕوکن. ڕابەرایەتی شۆڕشی چواردەی تەممووزی لە عێراق کردووە و دواتر بووەتە سەرۆککوەزیران و سەرکردەی گشتی سوپا و وەزیری بەرگری. لە (٩ی شوباتی ١٩٦٣)دا، بەدەستی کودەتاگێڕان لە شاری بەغداد گوللەباران کرا. محمد حسين الزبيدي (الدكتور)، ثوره ١٤ تموز فى العراق-اسبابها و مقدمتها و ومسيرتها و تنظيمات الضباط الاحرار، بغداد، ١٩٨٣، ص٣٤٥-٣٤٨.

(٤٠) ليث عبدالحسن الزبيدي، ثورة ١٤تموز فى العراق، بغداد، ١٩٨١، ص٤٣٧-٤٤٠.

(٤١) شیلان تاهیر، س.پ، ل٥٢.

شاری کۆیە و پارتی بچنە بەغداد، جەماوەری شاری کۆیە وەک زۆربەی هەرەزۆری شارەکانی عێراق، بەگەرمی پێشوازییان لە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ کرد، لەیەکەم ڕۆژەوە خۆپیشاندانێکی گەورە بۆ پشتگیریکردنی ئەم شۆڕشە سازکرا و خەڵکی ڕژانە سەر شەقام و کۆڵانەکان بۆ خۆشی و شادی دەربڕین، بەبۆنەی هەڵگیرسانی شۆرش و ڕزگاربوونی گەلانی عێراق لە زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارنی ڕژێمی پاشایەتی عێراق، وە هەروەها خەڵکی کۆیە وەکو ئەوەی لە قەفەز دەرچووبن ئیتر ترسی تۆقان و ترسان و گرتنیان نەما و هەموویان هاواریان بۆ ئازادی دەکرد. پاشماوەی دەرەبەگایەتی کەم تا زۆر لە کۆیە بەدی دەکرا بەڵام لەناو شارەکەدا کەمتر بوو، لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی شۆڕشی ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨ حکوومەتی نوێی عێڕاق لە ٢٦ی تەمموزی ١٩٥٨ دەستوری کۆماری بۆ دەوڵەتی عێراق دانا کە دەستوری کاتی دەوڵەت بوو ، لەبەندی سێیەمی ئەم دەستورەدا باس لە داننان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتوودا دەکات ڕێگەدرا بە کردنەوەی چەند ڕێکخراو و پارتی سیاسی لە کۆیەدا (یەکێتی ئافرەتان، یەکێتی لاوان، یەکێتی پیشەسازان، یەکێتی زانایانی ئایینی، یەکێتی مامۆستایان، سەندیکای کرێکاران ) جگە لەوانەش بارەگای (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە ساڵی ١٩٦٠ بە فەرمی لە کۆیەدا کرایەوە[٤٢].

---

(٤٢) هەمان سەرچاوە، ل٥٤-٥٦.

## تەوەری سێیەم/

# بارودۆخی سیاسی کۆیە
## ١٩٥٨-١٩٧٥

مێژووی نەتەوایەتی کۆیە، پڕە لە خەبات و شۆڕش و خۆڕاگری لەبەردەم داگیرکەران، و ناحەزانی کورد، بەڵام خەڵکی ئەو شارە توانیویانە وەک نەتەوەیەکی خۆڕاگر بوونی خۆیان بسەلمێنن، دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨، هۆشیاری نەتەوەیی لە کۆیە بەرەو گەشەسەندن چوو، ئەم هۆشیارییەش زیاتر لەوساتە هەستی پێدەکرا، کە شۆڕش توانیبووی هەندێک لە مافە نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد دابین بکات. بەتایبەتیش لەبەرئەوەی خەڵکەکەی گەورەترین ئاواتیان بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بوو. بۆیە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٨–١٩٦١، بە ماوەی پڕ چالاکی و جموجۆڵی کوردایەتی و پارتایەتی لە کۆیە دادەندرێت، خەڵکی کۆیە یان ئەندام بوون لە پارتی دیموکراتی کوردستان، یان حزبی شیوعی عێراق، لە ڕێگای هەرکام لەم دوو پارتە هەوڵیان دەدا ئاواتە نەتەوەییەکانی خۆیان بەدی بهێنن و خەبات بکەن.

### ١. ڕۆڵی کۆیە لە شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١:

شۆڕشی ئەیلوول یەکێکە لە شۆڕشە مەزنەکانی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، کە لە ساڵانی (١٩٦١–١٩٧٥) هەڵگیرسا. بە درێژخایەنترین شۆڕشی مێژووی نوێی کوردی دادەنرێت، کە لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بەرپاکراوە، کە ماوەی ١٤ ساڵی خایاندووە. لەو ماوەیەدا توانیویەتی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی بێ گوێدانە جیاوازی بیر و ڕای سیاسی کۆبکاتەوە. وەڵامدانەوەیەکی مێژوویی بوو بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەی عەبدولکەریم قاسم. ئەوانەی کە بەشدارییان لە شۆڕش کرد ژمارەیەکی زۆر بوون وە یەکەم تەقەی شۆڕش لە دەربەندیخان دەستپێکرد، شەڕ لەناوچەکانی بادینان گەرم بوو، زۆری پێنەچوو سەرتاسەری عێراق و کوردستانی گرتەوە لەبەرامبەردا حکوومەتی قاسم دەستی کرد بەهێرش بۆ سەر شار و دێهاتەکانی کوردستان، حکوومەت، لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ١٩٦١، سوپایەکی گەورەی کە قەوارەکەی دەگەیشتە (١٥٠) هەزار سەرباز، ناردە

کوردستان، وه دەستیان بە هێرشکردن کرد بۆ سەر شارەکانی (ئامێدی، دهۆک، کۆیە، شەقڵاوە، ڕانیە، قەڵادزێ) [٤٣].

شاری کۆیە یەکێک بوو لەوشارانەی کە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەبوو لە بەشدارییکردن لە شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١. ئەو شۆڕشەی کە ماوەی ١٤ ساڵی خایاند، ڕووبەرێکی فراوانی کوردستانی گرتەوە. سەربەخۆیی نەتەوەیی بیری ڕزگاری کوردستان دەمێک بوو لە کۆیە خەباتی بۆ دەکرا کە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوولدا سەدان کەس لە ڕۆشنبیران و سەربەچین و توێژە جیاجیاکانی شارەکە بەشدارییان لە خەباتی سیاسی و چەکداری و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بکەن[٤٤].

یەکەم هەنگاوی شۆڕش لەلایەن مەحموود ئاغای غەفوری و عەزیز ئاغای کۆیی و چەند ئاغایەکی دیکە سەری هەڵدا. ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە دەسەڵاتدارانی حکوومەت، دەستیان کرد بە گرتن و ڕاوەدونانی ئەندامانی (پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێرق. ئەوەبوو هێزی پێشمەرگە چالاکی گرنگیان لەناوچەی کۆیەدا ئەنجام دا. بەتایبەت دوای دەستبەسەرداگرتنی ڕێگای نێوان هەولێر و کۆیە. دواتر بنکە و بارەگایان لە دەوروبەری کۆیەدا دامەزراند. زۆربەی دانیشتووانی شاری کۆیە پێشوازییان لە شۆڕش کرد. ژمارەیەکی زۆر لە گەنج و لاوو پۆلیسی شارەکە پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کرد، جگە لەپەیوەندیکردنی چەند ئەفسەرێکی کۆییش کە لە سوپای عێراقدا ڕایان کردبوو، بۆ ناو شۆڕش[٤٥].

هەروەها حکوومەتی قاسم هەر لەسەرەتاوە سیاسەتێکی پڕ زەبر و زەنگی بەکارهێنا و گوند و شار و دێهاتەکانی کوردستانی تووشی سوتان و تاڵان کرد هەروەها شۆڕشگێڕان لەشاری کۆیەدا دەستیان کرد بە کۆبوونەوە سەبارەت بە ئاکامە خراپ و باشەکانی شۆڕش، وە کاتی دەستپێکردنی شۆڕشەکە و ئەم کاولکارییەی سوپای عێراق شاری کۆیەشی گرتەوە. لە سەرەتاکانی دەستپێکی شۆڕش دوو فڕۆکە بەبەردەوامی بە

---

([٤٣]) ئیبراهیم جەلال ، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول لە بنیادنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١– ١٩٧ ، چاپخانەی هێرمان، سوید، ١٩٩٩، ل١٠.

([٤٤]) شیلان تاهیر صالح ، س.پ ، ل٦٠ .

([٤٥]) هەمان سەرچاوە، ل٦١ .

ئاسمانی کۆیەدا دەسوڕانەوە، لەلایەن هێزەکانی کوردەوە دوو بەرەی شەڕ دیاریکران، بەرەی یەکەم بەرەی باکوری ڕۆژئاوا بوو کە ناوچەکانی (بارزان، ڕێکان، زێبار، ئامێدی، زاخۆ، دهۆک)ی دەگرتەوە، بەسەرۆکایەتی بارزانی. بەرەی دووەم کە بەرەی باشوور بوو ناوچەکانی (هەولێر، موصڵ، کەرکوک، کۆیە، سلێمانی، خانەقین)ی دەگرتەوە بە سەرکردایەتی چەند سەرکردەیەکی دیاری پارتی کە چەند کەسایەتییەکی کۆیەشیان تێدابوو، وەک: جەلال تاڵەبانی[٤٦]، عەلی عەبدوڵڵا[٤٧]، عومەر دەبابە و ئەوانیدیکە). کە لەو بەرەیەدا توانرا چەندین شکست بەهێزەکانی سوپای عێراق بهێندرێ[٤٨].

دوای سەرکەوتنی هەردوو بەرەکە لە شەڕ لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٢ هەردوو بەرە یەکخران. لە ڕۆژی ١١ ی ئەیلوولی ١٩٦١ هێزێکی سوپای عێراق بەسەرکردایەتی موقەدەم کافی نەبەوی لە کەرکوکەوە ڕویکردە شاری کۆیە بەر لە گەیشتنیان بۆ کۆیە هێرشیان کردە سەر دێگەڵە کە گوندێکە دەکەوێتە نزیک کۆیە، سوپا بەردەوام بوو لە پێشڕەوی کردن بۆ کۆیە تا گەیشتە ناوچەی تۆبزاوا دواتر چوونە ناو کۆیە و بنکەیان لە کۆیە

---

[٤٦] جەلال حوسامەددین تاڵەبانی (١٩٣٣/گوندی کەلکانی قەزای دوکان-٢٠١٧/ئەڵمانیا): سیاسەتکار و ڕۆژنامەنووس، لە سەرەتای گەنجیەتییەوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٣ بە سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابییانی کوردستان هەڵبژێردرا. هەر لە هەمان ساڵدا بووە یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و ساڵانی ١٩٥٣-١٩٥٥ بووە سکرتێری گشتی لاوان. ساڵی ١٩٥٩، کۆلێژی یاسا لە زانکۆی بەغداد تەواو کرد. بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە. پاشان لە ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی جیابوونەوە. دامەزرێنەر و سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (١٩٧٦-٢٠١٧)ە، ساڵی ٢٠٠٥ پۆستی سەرکۆماری عێراقی وەرگرت. حیدر نجم عبد مراد (المقدم الرکن)، معجم ضباط ثورة ایلول ١٩٦١-١٩٧٥، انسکلوبیدیا الحزب الدیمقراطی الکوردستانی و الاخرون، دهۆک، ٢٠٢١، ص٦٢.

[٤٧] عەلی عەبدوڵڵا (١٩٢٢/کۆیە-٢٠١٧/هەولێر)، لە ساڵی ١٩٤٤ ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتیی تێکۆشین بووە، لە ساڵی ١٩٤٥ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شۆڕش بووە، لە بەغداد پەیمانگای ئەندازیاری تەواوکردووە. هەر لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٥٣، بە ئەندامی مەکتەبی ساسیی هەڵبژێردراوە. لە ساڵی ١٩٧١ تا ١٩٧٤ پارێزگاری سلێمانی بووە. لە ساڵی ١٩٧٦ ئەندامی سەرکردایەتی کاتی (قیادة مؤقتة) بووە . لە کۆنگرەی دەیەمەوە لە ساڵی ١٩٨٩ بە جێگری سەرۆکی پارتی هەڵبژێردراوە. Kurdipedia عەلی عەبدوڵڵا.

[٤٨] شیلان تاهیر صالح ، س.پ ، ل٦٠-٦١.

دامەزراند. هەروەها بۆ بەهێزکردنی سوپای عێراق سەرکردەکانی سوپا پێیان باش بوو چیای هەیبەت سوڵتان کۆنترۆڵ بکەن کە چیایەکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە، وە توانیان دەستی بەسەردا بگرن. هێزەکانی حکوومەتی عێراق بەردەوام بوون لە تۆپبارانکردنی ڕێگای نێوان کۆیە و هەولێر، بۆیە هێزەکانی کورد لەبەر ئەوەی ژمارەیان لە ڕووی هێزەوە کەم بوو، نەیانتوانی بەرگری بکەن بۆیە کشانەوە، هەر بۆیە هێزەکانی حکوومەتی عێراق توانییان کۆیە داگیربکەن، لە ئەنجامی ئەو بەرگرییە چەندین کەس گیانیان لەدەستدا و زەرەر و زیانێکی زۆر بەر خەڵکی ناوچەکە کەوت. لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوانی کۆیە لە پشتیوانی و پاڵپشتی شۆڕش سارد نەبوونەوە بەڵکو ئەوان بەردەوامبوون لە هاوکاری و پشتیوانی بۆ شۆڕشگێڕان. بۆیە حکوومەتی عێراق گەمارۆی ئابووری خستە سەر شارەکە. یەکێک لەو کەسایەتیە دیار و ناودارانەی کە ڕۆڵی باشی گێڕاوە لەو شۆڕشە جەلال تاڵەبانی بوو. ڕۆڵی هەبووە لە ڕێکخستنی سوپا و سەربازی شارەکە ، لە دژوارترین باری دارایی شارەکە دەستەیەک هەبوو لە شاری کۆیەدا توانییان دەست بەسەر ٣٠ هەزار دیناری ئەو سەردەمەدا بگرن کە پارەی حکوومەتی عێراق بوو ئەو پارەش زۆر گرنگ بوو بۆ بوژانەوەی شۆڕش و شۆڕشگێڕان[٤٩].

**٢. دۆخی سیاسی کۆیە دوای کودەتای ساڵی ١٩٦٣:**

حکوومەتی قاسم ساڵ لەدوای ساڵ بەرەو لاوازی دەچوو، هۆکاریش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە قاسم حکومڕانی دیکتاتۆری پەیڕەو دەکرد، ئەویش نەهێشتنی ئازادی و دیموکراسی بوو، هەڵگیرسانی جەنگی خوێناوی دژ بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد سەرسەختترین دوژمنەکانی قاسم بەعسییەکان و هەندێک ئەفسەرەکانی سوپا بوون بەتایبەت (عەبدولسەلام عارف)[٥٠]، کە پێشتر هەوڵی کودەتای دابوو لە دژی قاسم بەڵام

---

[٤٩] هەمان سەرچاوە، ل٦٢-٦٤.

([٥٠]) عەبدولسەلام موحەمەد عارف (١٩٢١/بەغداد-١٩٦٦)، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیلە شاری بەغداد تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٣٨دا، چووەتە کۆلیژی سەربازی و ساڵی ١٩٤١، بە پلەی ملازمی دووەم دەرچووە. رۆلی لە شۆڕشی چواردەی تەممووزدا گێڕاوە. لە دوای شۆڕش، کراوەتە جێگری سەرۆککوەزیران و لە هەمان کاتدا وەزیری ناوخۆ بە وەکالەت. ساڵی ١٩٦٣، دوای کودەتایەک بەسەر عەبدولکەریم قاسم، بووەتە سەرکۆماری عێراق. ساڵی ١٩٦٦، لە ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە، لە خوارووی عێراق گیانی لە دەستدا. محمد حسين الزبيدي، م.س، ص٣٤٢-٣٤٣.

سەرکەوتوو نەبوو بەوشێوەیە لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ هێزە بەرهەڵستکارە عەرەبییەکان لە ئەفسەرانی سوپا و بەعسیە قەومییەکان کودەتایەکیان دژی قاسم ئەنجامدا کۆتاییان بە حوکمی هێنا وە بەبێ دادگایی کردن سەرۆک کۆماریان گولەباران کرد[٥١].

سەرکردایەتی شۆڕشی کورد پشتیوانی خۆی بۆ کودەتاچییەکان ڕاگەیاند هەر لەسەرەتاوە دانیشتوانی شاری کۆیە ڕەشبین بوون، بەترس و گومانەوە سەیری ئەم کودەتا خوێناوییەیان دەکرد، چونکە هەستیان بەوەکردبوو کە عەرەبە بەعسییە نەتەوە پەرستەکان دان بە مافە ڕەوایەکانی گەلی کورد نانێن، وە هەروەها مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگە گەیشتە ناو شاری کۆیە، توانی لەناو شار دۆخەکە کۆنترۆڵ بکات و بارەگایان دانا لە ناو شاری کۆیەدا. وردە وردە ئیتر کۆیە کەوتە ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتی شۆڕش وە بە شێوەیەکی کرداری شارەکەیان بەڕێوە دەبرد. پاشان دانوستاندن لەگەڵ وەفدی عێراق دەستیپێکرد کە وەفدی کورد بەسەرکردایەتی سەرۆکایەتی مەکتەبی سیاسی یەکێتی (جەلال تاڵەبانی– صاڵح یوسفی) بوو لە ١٨ ی شوباتی ١٩٦٣ گەیشتنە بەغداد . دواتر ئەندامانی وەفدەکە چاویان بەبەشێک لەسەرکردەکانی حکوومەت کەوت لەوانەش (صاڵح مەهدی مەعاش – عەلی صاڵح ئەلسەعدی) ، دوای سەرنەکەوتنی دانوستاندنەکان لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی و حکوومەتی عێراق دەسەڵاتدارانی کورد هەر لەوێوە بانگەشەی بەستنی کۆنگرەی بەرفراوانیان کرد لە شاری کۆیە ، جەماوەری شاری کۆیەش بەتایبەت لاوان و قوتابیان زۆر بەگەرمی پێشوازییان لە سەرۆکایەتی بانگەوازەکە کرد وە لە ١٤ ی ئازار گەیشتنە شارەکە وە ژمارەیەکی زۆر لە هەردوو بەری شەقامی سەرەکی کۆیەدا لە پێشوازی و بەخێرهاتندا بوون ، بەستنی ئەم کۆنگرە ڕوداوێکی پڕ بایەخ لە مێژووی شاری کۆیە و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی گەلی کورد دادەنرێت کە بۆ یەکەمجار شارێکی وەک کۆیە کۆبونەوەیەکی وافراوان لە خۆ بگرێت کە نوێنەری زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی تێدا بەشداربوون ، ئەمە جگە لە بەشداریکردنی نوێنەری عەرەب و تورکمان لەو کۆبونەوەیەدا هەوڵدراوە ناکۆکی نێوان کادیرانی حیزب و عەشیرەتەکان چارەسەر بکرێت ، ئەم کۆنگرەیە لە قوتابخانەی سەرەتایی ( اولی ) ی کۆیە بوو کە چەندین بابەت لەم کۆنگرەیەدا تاوتوێکرا و گفتوگۆیان لەبارەوە کرا ، گرنگترینیان بابەتی دانوستاندن لەگەڵ حکوومەتی عێراق دەستنیشان کردنی

[٥١] چارلز تریب، س.پ، ل٢١٣.

مافه ڕەوایەکانی گەلی کورد بوو وە لەڕێگەی شاندێک نێردرایە بەغداد بەسەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی ،شاندی شۆڕشی کورد لەکۆتایی مانگی ئادار گەیشتنە بەغداد و گفتوگۆکان دەستی پێکرد. لەدوای جێهێشتنی شاری کۆیە لەلایەن بارزانییەوە حکوومەت زۆر بەتوندی مامەڵەی لەگەڵ دانیشتوانی شارەکە دەکرد . وە ناوی چەندینماڵیان پێدرا کە دەرگای ماڵی خۆیان بۆ پێشمەرگە کردبوەوە بۆیە هێرشیان کردنە سەریان و دەسبەسەر و زیندانی کران و دەربەدەر کران بۆ ناوچەکانی خوارووی عێراق[٥٢]

دوای کۆتایهاتنی کۆنگرە ئەندامانی کۆنگرە بەشداربیان لەگەڵ جەماوەری شاری کۆیەدا لە جەژنی نەورۆزدا . لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣ ڕژێمی عارف دەستی بە پەلاماردانی شار و دێهاتەکان کرد لەوانەش شاری کۆیە و دەشتی کۆیە ، پەلاماری سوپای عێراق لە سێ قۆڵەوە دەستی پێکرد ، یەکەم بەدەست بەسەرداگرتنی ڕێگای نێوان هەولێرو ڕەواندز بوو ، دووەمیان پێشڕەوی کردنی سوپا بوو بەرەو کۆیە و ڕانیە و داگیرکردنی ، سێیەمیان هەوڵی داگیرکردنی ئامێدی و چیاکانی دەورو پشتی درا[٥٣].

بارودۆخی کۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوی لە ئاڵۆزی دەکرد ، هەواڵی پەلامارەکانی سوپا بە زوویی لەشارەکە بڵاوکرایەوە تەنانەت لە مزگەوتەکان هاواری ئەوە دەکرا کە خەڵکی شاری کۆیە شارەکە چۆڵ بکەن ، بۆیە ژمارەیەک لە خەڵکی کۆیە شارەکەیان جێهێشت و ڕوویان کردە ڕانیە و قەڵادزێ . هێزی سوپای عێراق سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٠ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ هێرشی فراوانییان کردە سەر شاری کۆیە ، یارمەتی هێزی ئاسمانیشیان هەبوو، هەربۆیە شۆڕشگێران بڕیاریاندا ڕووبەڕووی سوپای عێراق ببنەوە و کۆبوونەوە کرا لە نێوان شۆڕشگێران پێیان باش بوو شارەکە چۆڵ بکرێت ، بۆیە روویان کردە ڕۆژئاوای کۆیە و شەڕێکی زۆر گەورە ڕویدا ، شەڕ گەیشتە گۆمەسپان و دێگەڵە و ماوەی ١٢ ڕۆژی خایاند ، هێزی پێشمەرگە زیانی زۆری لە هێزی عێراقدا پاشان لە ٢٢ ی حوزەیراندا هێزەکانی سوپا گەیشتنە کۆیە ، لەگەڵ گەیشتنیان کوشتن و گرتن و بڕینیان دەست پێکرد ، تەنانەت مامۆستا و فەرمانبەر و گەنجی سەروی ١٢ ساڵان دەستگیر کران وە هەروەها بارودۆخێکی ئابووری سەختی تووشی شارەکە کرد بەهۆی برسێتی و قات و

---

[٥٢] شیلان تاهیر صالح ، س.پ ، ل١٣١.

[٥٣] د.هۆشەنگ سالح نەجار، شۆڕشی ئەیلوول لە گوڤار و ڕۆژنامە عێراقییەکاندا، دەزگای ئینسکلۆپیدیای پ.د.ک، هەولێر، ٢٠٢٣، ل٦٧.

قڕی ، پێشمەرگەکانی کوردستان دەستەوەستان نەوەستان بەڵکو هێرشیان کردە سەر سوپای عێراق و گەیشتنە شارەکە و توانیان بچنە ناو چیای هەیبە سوڵتان ، بەڵام لە کۆتاییدا سوپای عێراق لە یەکی تەمموزی  دوای شەرێکی دژوار دووبارە چیای هەیبە سوڵتانیان کەوتەوە دەست ، دەرئەنجامی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لە مێژووی دەوڵەتی عێراق پێی نایە قۆناغێکی نوێ ، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی لەسەر گەلی کورد هەبوو بێگومان شاری کۆیەش لەو کاریگەرییە بێ بەش نەبوو[٥٤].

**٣. کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٥ :**

دوای ئەوەی شەڕو پێکدادانی نێوان هێزەکانی سوپای عێراق و هێزەکانی شۆڕشی کورد ماوەیەکی درێژی خایاند ڕژێمی بەعسی فەرمانڕەوا ناچاربوو پەنا بباتە بەر دانوستاندن و گفتوگۆکردن ، هەر بۆیە لە نێوان هەردوولادا ڕێکەوتننامەیەک مۆرکرا . دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتننامەکە گەلی کورد بەخۆشی و شادییەوە پێشوازییان لە ڕێکەوتننامەکە کرد[٥٥].

بیگومان خەڵکی کۆیەش بێبەش نەبوون لە بەشداریکردن لەو خۆشییە هەر بۆیە خۆیان ئامادەکرد و دەستیان کرد بە نوسینی دروشمی تایبەت بەو بۆنەیە ، لەبەیانی ڕۆژی دواتر ١٢ ی ئادار شاری کۆیە خۆپیشاندانێکی جەماوەری فراوانی بەخۆیەوە بینی کە بەشی هەرە زۆری خەڵکی شارەکە بەشدار بوون . جەماوەری شاری کۆیە لە ڕۆژی ١٢ ی ئادار ڕژانە سەر شەقامەکانی شار بۆ خۆشی دەربڕین بەبەستنی ئەو ڕێکەوتننامەیە کە ئەوان پێیان وابوو کۆتایی بەشەڕو مەینەتییەکانی گەلی کورد دەهێنێت و هەنگاوێکە بۆ ڕێکخستنەوەیماڵی کورد و کۆتایی هێنان بە دوو بەرەکی ، هەر بۆیە جەماوەری کۆیە بە خۆشی و شادییەوە پێشوازییان لێکرد هەروەها دەستیان بەسازدانی خۆپیشاندان کرد لە نزیک قوتابخانەی دواناوەندی کۆیە بەرەو قایمقامیەتی شارەکە چەندین بروسکە و ووتاریان خوێندەوە[٥٦]. بەستنی ڕێکەوتنامەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ بەسەر بەسەرکەوتنێکی مەزن لە مێژووی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد دادەنرێت ، ئەو ڕێکەوتنامەیەش لە ١١ ی

---

(٥٤) شیلان تاهیر صالح ، س.پ ، ل ٧٧ ، ٨٠ ، ٨٢ ، ٨٣ .

(٥٥) د.هۆشەنگ سالح، س.پ، ل١٦٥.

(٥٦) شیلان تاهیر صالح ، س.پ ، ل١٠٠-١٠١.

ئاداری ١٩٧٠ لە نێوان حکوومەتی ئەو کاتەی عێراق و مەلا مەستەفای بارزانی سەرکردەی شۆڕشی ئەیلوول تێیدا کوردەکان حوکمی زاتیان بەدەستهێنا[٥٧].

دوای ڕێکەوتنامەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ بۆ ماوەیەکی کورت کوردەکان توانییان خۆیان حوکمڕانی خۆیان بکەن ، یەکێک لەو شارانەش شاری کۆیە بوو ئەمە جگە لەوەی کە پارتی ٥ وەزیری لەوەزارەتی عێراق پێدرا کە یەکێکیان کۆیی بوو ئەویش (نافیز جەلال حەوێزی)[٥٨] بوو کرایە وەزیری کشتوکاڵ. وەزیری کشتوکاڵی عێراق بوو لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان . شاری کۆیە چەند پرۆژەیەکی ئاوەدانی بە خۆیەوە بینی لەوانە ( دابەشکردنی خانوەکان – دابەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەران ) ، لەبواری ئابوریش کردنەوەی بانکی کۆیە بوو ، لە ڕووی ڕۆشنبیریش دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کۆیە بوو هەر لەبواری بایەخدان بە لایەنی ڕۆشنبیری کۆیە لەساڵی ١٩٧١ گەورەترین فیستیڤاڵ لە کۆیە ئەنجامدرا کە ئەویش فیستیڤاڵی ( حاجی قادری کۆیی بوو ) ، هەروەها کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کۆیە دامەزرا ، لەسەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٧٣ بەمەبەستی ڕێزلێنان لەشاعیری گەورە حاجی قادری کۆیی پەیکەرێکی تایبەتیان بۆ دانا ، تەنانەت تا ئێستاش شەقامێک لە ناوەڕاستی کۆیە بەناوی ئەو شاعیرەوەیە . بارودۆخی شاری کۆیە بە هێمنی مایەوە لەساڵەکانی دوای ڕێکەوتنامەکەش بەڵام دەسەڵاتدارانی بەعس بەردەوام بوون لە لەناوبردنی ڕێکەوتنامەی ١١ ی ئادار[٥٩].

---

[٥٧] ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل٢٧١،٢٧٠ .

[٥٨] نافیز جەلال حەوێزی: لە ساڵی ١٩٢١ لە کۆیە لە دایک بووە ، قوتابخانەی سەرەتایی لە کۆیە خوێندووە ، دەبێتە وەزیری کشتوکاڵی عێراق ، هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەبوە جارێکی دیکە شەرِ دروست نەبێتەوە لە نێو ماڵی کوردی، لە ١٠ی تەمووزی ١٩٧٢ لە نەخۆشخانەی ( المدینە طب) لە بەغداد کۆچی دوایی دەکات و لە کۆیە بەخاک دەسپێردرێت.زگار فەقێ سەلیم، س.پ، ل ١٢ .

[٥٩] شیلان تاهیر صالح ، س.پ، ل ٧٧ ، ٨٠ ، ٨٢ ، ٨٣ .

**ئەنجام:-**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١. شاری کۆیە ، شارێکی ناسراوی کوردستانە، ڕۆڵێکی دیاری لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی و نەتەوایەتیی هەموو کوردستاندا گێڕاوە، لەرێگای چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیریی، زمانەوانی و چاپەمەنیی کوردییدا، ساڵانێکی زۆر خزمەتی ڕۆشنبیریی کوردی کردووە، بە بێ ئەوەی هیچ قۆناغێک کۆڵیان دابێت.

٢. شاری کۆیە لە تەک کار و چالاکی سیاسییدا، گەلێک هەڵوێستی نەتەوایەتی بەرچاویشی هەبووە، کە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا ڕەنگی داوەتەوە، تەنانەت زۆرجار بە هۆیانەوە دووچاری دەردەسەری و نالەباری هاتوونەتەوە، ئەو هەڵوێستانەش زیاتر لە چالاکییە نەتەوەییەکان و بەشداری لە ڕووداوە سیاسییەکان ڕەنگی داوەتەوە.

٣. شاری کۆیە، توانی بەسەر هەموو کۆسپ و تەگەرەی ژیانی سیاسی و نەتەوایەتی کوردییدا زاڵ بووە، پتر لە نیو سەدە لە ژیانی پڕ لە ناسۆر و ئەشکەنجەی لەگەڵ ڕووداوەکانی کوردستان و کوردایەتییدا، گەلێک دەستکەوتی نایاب لەو مەیدانەدا پێشکەش بە کوردستان کراوە .

٤. دانیشتوانی کۆیە، خاوەن پەیامی گەورەی کوردایەتی بوون. کەئەوە یەکێکە بوو لەو خاسڵەتانەی کە وایکردبوو، شاری کۆیە هەمیشە لە ڕیزی پیشەوەدابێت، خزماتێکی گەورەی بە ڕەوشی نەتەوایەتی کوردی بکات.

٥. کۆیە، دەورێکی باڵای لە ڕووداوە سیاسییەکانی عێراقیشدا گێڕاوە و وەک شۆڕشی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ و شۆڕشی چواردەی تەمموز، کە خەڵکی کۆیە تەنانەت قوربانیشیان داوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم.کتێب


- ئومێد عەزیز موستەفا ، ژیان و بەرهەمی عەونی شاعیر ، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – وەسفییە ، بڵاونەکراوە ، ٢٠١٤ .
- ئیبراهیم جەلال ، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیادنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١ – ١٩٧٥ ، چاپخانەی هێرمان ، سوید ، چاپی دووەم ، ١٩٩٩ .
- تاهیر ئەحمەد ، مێژووی کۆیە ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی وەفا ، ١٩٦٢ .
- جەمال فەتحوڵا تەیب ، کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩١٨ – ١٩٥٨ ، چاپی دووەم ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ، ٢٠٠٨
- خانزاد عەلی قادر ، زمانی شعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، بڵانەکراوە ، ٢٠٠٤ .
- ڕزگار فەقێ ، گوڵستانی خەبات لەمێژووی شاری کۆیە ١٩٧٠ – ١٩٨٠ .
- ژیان خدر ڕەسول حەسەن ، پێکهاتەی بازرگانی شاری کۆیە لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار ، بڵانەکراوە .
- شیلان تاهیر ، کۆیە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨ – ١٩٧٥ ، بڵاونەکراوە ، ٢٠٠٨ .
- عەبدوڵا غەفوور، گوندەکانی باشووری کوردستان ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٥ .
- فەیسەڵ دەباغ ، هەولێر وەرزە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سەربەخۆییە ، ژمارە ١ ، زستانی ١٩٩٨ .
- کامەران تاهیر ، قەزای کۆیە لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ .
- کەریم شارەزا ، بیرەوەریەکانی کاروانی ژیانم ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر ، ٢٠٢١ .

- مام جەلال، دیداری تەمەن، ئا: سەلاح ڕەشید ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی ، ٢٠١٧ .
- مام هەژار ، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی کۆیە ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ، ٢٠١٠.
- مامۆستا عەلادینی سوجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بڵاوکراوەی کوردستان ، چاپی یەکەم ، ١٣٩١ .
- مەلا مەحەمەد بەحرکەیی ، کوردایەتی کۆڵنەدان ، چاپخانەی ئیشراق ، ئێران ، ٢٠٢٢.
- مەهدی مەحەمەد ، پەرەسەندنە سیاسیەکان لە کوردستانی عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ – ١٩٥٨ ، بڵاونەکراوە ، ٢٠٠٤ .
- هاوژین صلّیوە ، مێژووی هەرمۆتە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی زانا ، سلێمانی ، ٢٠١٣.
- هیوا صادق سەلیم ، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧ – ٢٠٠٢ ، بڵاونەکراوە ، ٢٠٠٥ .
- د.هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، شۆڕشی ئەیلوول لە گۆڤار و ڕۆژنامە عێڕاقییەکاندا، دەزگای ئینسکلۆپیدیای پ.د.ک، هەولێر، ٢٠٢٣.

**دووەم.نامەی زانستی**

- بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، بارودۆخی ئابووری هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ – ١٩٧٥، (تێزی دکتۆرا)، زانکۆی سەلاحەدین-کۆلێژی ئاداب، بڵانەکراوە ، ٢٠١٩.